**بێچووە مراوییەکانی بۆکان و شاخەکان!**

برایم فەڕشی

نووسینەکەی کاک جەعفەر لە سەر وەرزش لە بۆکان، جیا لە گرنگی مێژوویی بۆ شارەکە، پڕ لە وەبیرهێناوە بۆ ئەو کەسانەی لەو سەردەمەدا لە بۆکان ژییاون. هەر وەک جەعفەر و نادر و دۆستانی دی باسیان کردووە، بۆکان شارێکی دوور لە ئیمکانات بوو. بۆکان بە وتەی سابڵاخییەکانی کارمەندی ڕادیۆ و تەلەوزیۆنی مەهاباد، شارۆچکە بوو، هەر کام لە ئێمە دەمانبینی بۆکان هێدی هێدی ڕەنگی شار بە خۆیەوە دەگرێ،قیرتاو کردنی شەقامەکان، کێشانی بەرقی ناو شار، دروستکردنی دام و دەزگاکانی ئیداری، زۆربوونی ماشین و ونبوونی بە یەکجاری فەیتوون و داشقە و سواری ئەسپ و وڵاغ، سەرهەڵدانی وەرزش و کاری هونەریی، پەیدابوونی یەکەم تاکسی و زۆر شتی تر لە بیرو وبیرەوەرییەکاندا ماوەتەوە. بۆکان لە سەردەمی ئێمەدا هەم ڕواڵەتی شاری هەبوو هەم پاشماوی ژیانی گوندنشینی تێدا بەرچاو بوو. هەر بۆیە لە بیرەوەرییەکاندا پاشماوی کار و ژیانی هەر دوو شێوەی ژیان دەبیندرێ کە لە وەرزش و هونەریشدا ڕەنگ دەداتەوە.

لە گەڕەکەکانی بۆکان بەر لە پەرەپەیداکردنی وەرزش، کایە و گەمەی خۆماڵی وەک قەرێ قەرێ، گۆیەن، هەلوکێن، مێشین، جگێن، خوزێن، شەڕە گەڕەک زۆر باو بوو. بە هۆی سروشتی جوانی پڕ لە چیا و شاخ و کێو و چۆمی دڵرفێنی تەتەهوو و باخ و باخات کە شارەکەیان لە خۆ گرتبوو و لە ناو شاریش ئاوی زۆر و بوونی حەوز و جۆگە، دوو چەشنە وەرزش هەر لە کۆنی کۆنەوە لە ناو خەڵکی بۆکاندا باو بوو، یەکەم مەلەکردن و دووهەم چیابڕین، هێمن گوتەنی بۆکانییەکان وەک بێچووە مراوی هەر لە منداڵییەوە مەلەوانن. ئەڵبەت پاش ناو ودەنگ پەیداکردنی حەسەن زیرەک و بەیت بێژ و گۆرانیبێژی ناوچەی بۆکان، جگە لە مەلەکردن، دەگوترێ ئەگەر کەسێک دەنگی خۆش نەبێ و گۆرانی باش نەچڕێ، بۆکانی نییە. بەو پێیە من تەنیا بە منداڵی بۆکانی بووم، بەڵام نادر و جەعفەر هەرکیان بۆکانی تەواون، ئەوان مەلەوان، دەنگ خۆش و گرنگتر لەوانەش پاشناوی بۆکانی، ئیسباتی بۆکانی بوونیانە. لەوانە گرنگتر دەنگخۆشی لە بنەماڵەی مەردانبەگییە، نیوسەدە لەوە پێش دەنگی باوکی کاک جەعفەر لە موسافرخانەیەکی تەورێز و لە ماڵی ئێمە، لە سەر شریت تۆمار کراوە.

ئێمە منداڵانی گەڕەکی قوولە، بەرماڵان و پشت ماڵانی خەیابانی سەقز، تۆپێن، هۆڵێن و وەڵیباڵمان دەکرد، تەنانەت خۆمان تۆڕی وەلیباڵمان چنیبوو. ئێمە بەردەوام بە کۆماڵ ڕامان دەکرد بۆ کێوەکانی نزیک گەڕەکی خۆمان، بە تایبەت ئەو کاتەی کە لە پۆلی چوار وپێنجی سەرەتایی بووین، هەر لە مەدرەسەی بۆعەلی و نەوبونیاد کە ڕووبەڕووی شیرکەتی نەوتی حەبیب زادە بوو، هەڵدەگەڕاینە سەر ئەو شاخەی کە ئێمە کێوە درێژمان پێدەکوت و دەکەوتە پشت سیلۆی تازەی ئەو ساڵانە.

ساڵانی پاش ١٣٥١ و ٥٢ دوای ئەوەی گەڕامەوە بۆکان، جگە لە کاری شانۆ زۆرجار بەردەوام لە گەڵ دۆستانی نزیک دەچووین بۆ شاخی، لە ساڵی ١٣٥٣ و ٥٤ەوە هەفتانە بەرەو شاخەکانی ناوچەی بۆکان و میاندواو و سەقز و سەرا دەچووین. هەرچەند هیچکام لە ئێمە شارەزایی و لێزانیی تەکنیکی و وەرزشی مان لەو بوارەدا نەبوو، بەڵام سەرەڕای گرفت و مەترسییەکان بەردەوام بووین. لە ساڵی ١٣٥٤ بەو لاوە دەستمان کرد بە گەڕان بە ناو ئەشکەوتەکانی ناوچەی بۆکان، میاندواو، سابڵاخ، سەقز و ناوچەی هەوشار. ئەشکەوتەکانی کولاباد، فەرهادتاش زەردە و سماقان، فەقرەقای مەهاباد، کونەکوتری سەهۆڵان، ئەشکەوتی ناوچەی ئاشی گوڵان کە ئێمە ناوی ئەشکەوتی مراد شیرێژمان لێنابوو، ئەشکەوتی سەرای سەقز، ئەشکەوتی کەرەفتوو.

گەڕان بە ناو ئەو ئەشکەوتانەدا کە هیچ تاقیکردنەوەیەکمان نەبوو زۆرجار مەترسی دار بوو. ئێمە بە بێ کەرەسەی پێویست بە بێ زانیاریی خۆمان دەکرد بەو ئەشکەوتانەدا. لە ئەشکەوتی کولاباد نزیک شاری میاندواو سەرمان لێشێواو ڕێگای هاتنە دەرەوەمان نەدەدیتەوە، دوازدە کەسێک سەرلێشێوا لەو ئەشکەوتەدا قەتیس مابووینەوە، کەسانێک لە ئێمە لەو بارودۆخەدا شادوئیمانیان هێنا و بە هیوای دەربازبوون نەبوون. بوونی ئێسکان و کەلەسەری گیاندار ئەو هەستەی زۆرتر دەکرد. سەرئەنجام پاش خۆکۆکردنەوە بیرکردنەوە دەربازبووین، من لەو ئەشکەوتە کۆمەڵێک بەردم لە گەڵ خۆم هێنایەوە کە فۆرم و شێوەی ئاساییان نەبوو، کاتێک کە ئەوانەمان نیشانی دەبیری ئەو ساڵانەی دەرسی تەکامل و تەبیعی کاک ناسر بیباک دا،تەمەنی بەردەکانی بۆ سەردەمی دووهەمی (زەوی ناسی) گەڕاندەوە. ئەو بەردانە دواتر بۆ تەماشاکردنی خەڵک لە ویترینی دووکانی باوکم داندرا.چی بە سەر ئەو بەردانە هات نازانم.

تاقیکردنەوەی ئەشکەوتی کولاباد، هانی داین لە شێوەیەکی کۆن بۆ وننەبوون کەڵکوەرگرین، ئەویش بەکارهێنانی "کا" بوو کە بە شوێن خۆماندا دەمانڕشت. دواتر لە سیمی قولاپی ماسی کەڵکمان وەردەگرت کە بە ئاسانی نەدەقرتا. گەڕان بە ناو ئەشکەوتەکاندا، تەنیا وەرزش و مەترسی نەبوو بەڵکوو چەشنێک فێربوون و ئاشنابوون لە گەڵ ڕابووردووی ناوچەکە بوو. ئەشکەوتەکانی فەرهادتاش زەردە و سماقان کە دەکەوێتە ناوچەی فەیزوڵابەگی و هەوشار، لە ڕاستیدا عیمارەت و ژوور و سەرخان و ژێرخان بوو، کە بە توولە ڕێگایەکی تەسک و باریکی ناوقەدی کێوکەدا هەڵدەکشایە سەرێ. ژوورەکان سەرتاپا بەردی تاشراو بوون، کە

لە دوو نهۆمدا سازکرابوون و لە شێوەی فەقرەقای مەهاباد دەچوون. بە وتەی خەڵکانی ئەو سەردەمەی ناوچەکە ئەم شوێنە، پەناگای خانی داشکستان بووە کە لە شەڕ لە گەڵ حکوومەتی ناوەندی لەوێ بەرگری کردووە! ئەم داستانە چەندە ڕاست بووە و مێژووی ئەو ئەشکەوتە چۆن بووە، نە ئەو دەم دەمزانی و نە ئێستا دەزانم.

ئەشکەوتی مراد شیرێژ(حاجی کیمی) بۆ ئێمە لاوانی ئەو سەردەمە چەشنێک لە حمیاسە بوو، هەر کام لە ئێمە شاهیدی کوژرانی دوو برای سەقزی هاوڕێیانی شەریفزادە و موعینی لە ژاندارمەری بۆکان (قولە) بووین، ڕۆژانەش بەردەوام کەلاکی ژاندارم و جەوانمەرد دەهێندرایەوە بۆکان. ژاندارمەکان زۆرجار ماشێنەکانیان لە بەر دووکانی باوکم ڕادەگرت و ئەو ڕۆژانە لە بیری مندا ماوەتەوە. کاتێک چووینە ناو ئەشکەوتەکە دەیان و سەدان کۆتر و شەمشەمە کوێرە دەنگیان دەهات، کۆترەکان بەرەو دەرەوەی ئەشکەوت دەفڕین. ئەشکەوتێک پڕ لە بۆن و کمڕەی جیقنە.

ئەشکەوتی کەرەفتوو بۆ ئێمە کە تا ئەو کات شتی لەو چەشنەمان نەبینیبوو، لە گەورەویی و هەمەچەشنییدا سرنج ڕاکێش بوو. لە نێو هەموو ئەو ئەشکەوتانەدا جگە لە خۆراسانە کە گۆمای ئاوی تێدا بوو، ئەوانی دی هەموو وشک بوون، بەڵام لە گوندی سەرا نێوان بۆکان و سەقز لە ژێر شاخێکدا ئەشکەوتێک هەبوو تەڕ و تووش. هەر لە دەرکی ئەشکەوتەکەوە دەبوو لە سەر زگ خۆت بخزێنییە ژوورەوە، تەنیا کەسانێک توانای چوونە ژوورەوەیان هەبوو کە جستەیەکی چکۆلە و باریکیان هەبێ، جاری یەکەم کە خۆمان کرد بەو ئەشکەوتەدا نەماندەزانی لە گەڵ چی ڕووبەڕوو دەبین، پاش ئەوەی ماوەیەک بە زگەخشکە ڕێگەمان بڕی گەیشتینە شوێنێک کە تاقی هەبوو دەکرا ڕاوەستی، پاشان دیسان دەبوو بە زارکێکی بچکۆلانەدا بڕۆی ئەوجا شوێنێکی بەرفراوانتر لە کۆتایی ئەشکەوتەکەدا دەردەکەوت کە کانی ئاوی هەبوو، ئاوێک وەک شاعیرانی کورد گوتوویان وەک چاوی قرژاڵ، ئاوێک کە لە چلەی هاوینیشدا سارد بوو.

بێ گوومان لە ناخی ئەشکەوتەکانی ناوچەی بۆکانیشدا داستان و سەربووردەی زۆر شاردراوەتەوە، کێ و چۆن دەستی پێیان ڕادەگا پرسیارە. حەز و خوزیای کەسانی وەک من پاش ساڵی ١٣٥٧ خۆی لە ویست وخواستی خوێندکارانی ئەو سەردەمەی مەدرەسەکانی بۆکان لە پێکهێنانی "کۆمیتەی کوهنەوردی پێشگام"دا خۆی نوواند، کە بەردەوام بە شێوەیەکی ڕێک و پێک دەچوون بۆ بڕینی شاخەکانی ناوچە، هەر لەو کۆمیتەدا هەم کچان و هەم کوڕان بەشدار بوون. دواتر کەسانێک لەو کۆمیتەیە بوونە شارەزا لەو بوارەدا دەوری جیددیان لە بواری چیابڕین لە بۆکان و ناوچە و ئێراندا گێڕا.

من پێشتر لە ماڵپەری بۆکاندا چەند بابەتێکم لە سەر چیابڕین لە کۆن و ساڵانی دواتر بڵاو کردەوە کە ڕەنگە لە ئارشیودا مابێتنەوە. ئەو نووسراوەی ئێستا بۆ نێوئاخنی ئەو کارەی کاک جەعفەر دەنووسم. من لە هەموو ئەو ساڵانەدا دوربینی وێنەگرتنم پێبوو، کە وێنەی زۆرم هەیە، لێرە هێندێکیان بڵاو دەکەمەوە، ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی اطلاعاتم هەبوو، کە بۆ گەڕانی دەبێ بچمە ناو جەنگەڵی ژێرخان، ئەوەش بۆم نالوێ. کەسانێکی زۆر لە شاخەوانی بەشداربوون کە بەشێکیان لە وێنەکاندا دەبیندرێن، ئەگەر دەرفەتم بۆ هەڵکەوێ بە دوور ودرێژی باسی ئەو ساڵانە و گەلێک ڕووداوی تاڵ و شیرین دەکەم، ئەگەر نەشکرا ئێوە خۆش.














# چیابڕین

برایم فەڕشی

کێو و چیا سروشتی گشتی وڵاتی کوردستان دیاری دەکا و لە ژیانی رۆژانە ومێژوویی کوردا جێگای وشوێنی تایبەتی هەیە وهەبووە و بگرە چارەنووسی نەتەوەی کورد زۆرجار گرێدراوی چیا بەرزەکانی ئەم وڵاتە ڕەنگینە بووە! چیا, قەڵاو مەتەرێز بووە, شوێنی بەرگری کردن لە خۆ ولە وڵاتەکە بووە. چیا لە خەیاڵ و رۆح ورەوانی کوردا تا رادەیەك جێگای هەبووە کە ئەدەبیاتی نووسراو و زارەکی, گۆرانی, چیرۆك, حەکایەت وسەربووردە وبەیت وحەیران هەموو لە خۆیان گرتووە! وشەکانی کەژ, چیا, کێو, شاخ, دوند,ترۆپك, لوتکە, ئەگەر جوانترین وشەی ناو زمانی کوردی نەبن لە ژمارەی وشە جوانەکانی زمانەکەن کە بە باڵای بەرزایەکانی زەوی بڕاوە! مێژوو ومێژوونووسانی کۆن ونوێ هەر لە گزنفونی یۆنانییەوە هەتا مێژوونووسانی ئەم سەردەمە باس لە چیاکان ورۆڵی چیا لە ژیانی کورددا دەکەن. لە بواری سیاسی دا دەڵێن چیا نزیکترین دۆستی کوردە, ئەوەش گێڕانەوەیەکی تاڵی مێژوویی یە! نە تەنیا سیاسەت ومێژوو و ژیانی کورد, بەڵکو ئاینەکانی کۆنی کوردیش گرێدراوی چیاکانی کوردستان بوون, میترایسم, زەردەشتی وئایینە کانی پاش ئەوان وپاشماوەکانیان هەموو چیایان لا پیرۆز بووە تا رادەیەك ماڵی دوارۆژی مرۆڤی کورد لە سەر چیا بەرزەکان دیاری کراوە! هەر ئەمڕۆش شوێنە پیرۆزەکانی ئایینی بە تایبەت ئایینەکانی کۆنی کوردان لە سەر بەرزاییەکانی کوردستانن! ئاگری جەژنی نەتەوایەتی کوردیش, نەورۆز بڵیسەکانی ڕەنگینی لە سەر چیاکان گڕ دەدا! هەر بۆیە منداڵی کورد هەر بە ساوایی ئەوینی چیاو سروشتی ڕەنگاوڕەنگی وڵاتەکەی لە دڵ و مێشکی دا دروست دەبێ, ئەوەش درێژەی مێژوویی ژیانی نەتەوەکەیە. ویستی چوونە سەر چیاوبڕینی کەژ وکێوەکان هەستێکە لە گەڵ ئینسانی کورد بڵێسە دەستێنێ! مەڵبەندی موکریان وناوچەی بۆکانیش بەشێکە لەم خاکە یەزدانیە کە پڕە لە کێو و چیاوچیابڕ! مێژووی چیابڕین و کەژەوانی بە شێوەی نوێ لەم مەڵبەندەدا درێژە نیە, بەڵام روونە کە زۆر کەژەوانی ماهیرولێهاتوو و چوست و چالاك هەبوونە کە ناو ناوبانگیان لە دەوەرەکەدا بڵاو بۆتەوە و خەڵك باسیان کردون, لێرەشدا دەبێ پەنا بۆ بیرەوەریەکانی خەڵك بەرین لە بەر ئەوە بە نووسراوە چمان لە دەستت دانیە.

گروپی چیابڕین یا خۆ دەستە وتاقمێك کە بەردەوام بە یەکەوە بۆ شاخ چووبێتن زۆر بووە کە لە وانەش بە باشی ئاگادار نین, ئەوەی بۆئێمە لێرە روونە لە ساڵانی 1340(1961) بەو لاوە, دەستەیەك لە لاوانی شار هەبوون کە بەردەوام بۆ شاخ دەچوون و هەر ئەوانیش بوون بۆ یەکەم جار لە جەژنی نەورۆزدا لە سەر شاخی ناڵەشکینە ئاگری نەورۆزیان کردەوە, کە لەو دەمەی ڕا بوو بە ڕەمزێك و هەموو ساڵێك دوبارە دەبێتەوە, ئەو کەسانەی کە رچەشکێنی ئەم ڕێگایە بوون ئەم کەسانەن: قادر فەرهادزادە, عەرەب, قادر قەلەکویی, وێنس و کەسانی تر. لە ساڵانی 1353 (1974) کەسانێکی تر وەك گروپێکی چیابڕ هەبوون کە زۆربەی چیاکانی مەڵبەندی موکریان وسەقزیان بڕی بوو, ئەوانە پاشان دۆزینەوەی ئەشەکوتەکانیان کردە پیشەی خۆیان! لەو سەردەمەدا ئەوە کارێکی سوودمەند بوو, لە بەر ئەوە لەم گەشتانەدا زۆر شتی شاردراوەی زەوی ناسی, ئسکلێتی حەیوان و ئێسقانی جوراجۆر و شتی تر کە پێوەندی بە ژیانی مرۆڤی سەردەمەکانی پێشووە بوو دۆزرایەوە, ئەوەش بوو بە هۆی ئەوە کەسانێك لە ماموستایانی زەوی ناسی بکەونە تاوتۆکردنی شتە دۆزراوەکان. ئەشکەوتەکانی کولاباد, حاجی کیمی, کەرەفتو, سەهۆڵان, سەرای سەقز, شوێنە مێژووییەکانی فەقرەقا(مەهاباد) فەرهادتاشی زەردە وسماقان(هەوشار)وتەپۆڵکەکانی مێژوویی ناوچەکەشوێنی گەڕان و لێکۆڵینەوە بوون کە لە هەمووی ئەوانەش وێنە هەڵگیراوەتەوە! ئەو کەسانەی لە سەرەتاوە هەتا ساڵی 1357(1978) بەشداروئەندامی ئەو تیپە بوون بریتین لە: عەوڵا کوردپور, جەعفەر محەمەدزادە, برایم فەرشی, ئەبوبەکر مەسعودیان, جەعفەر عەسکەری, خالید مەردانبەگی و چەند کەسی تر؟؟؟ ئەو کەسانە کە جاروبار بەشداریان دەکرد ئەمانە بوون: یوسف خزری, برایم وەلی زادە, برایم بەهنام, جەعفەر رۆستەمی, حسێن حەسەن پور, عەلی...! ئەم تیپە نە ناوێکی هەبوو, نە پەیرەو وپرۆگرامێك, هەر هەفتە یان هەر چەند وەخت بەرنامەیان بۆ شوێنێك دادەنا! پاش ساڵی 1357(1978) ئەم تیپەش وەك کانوونی معەلمان, ئەنجومەنی عیلمی وئەدەبی, کانوونی دانش ئاموزان, دەستە وکۆمەڵی تر لە بەریەك بڵاوبوون.

لە ساڵی 1360(1981) بەولاوە, دەستەیەك لاوی بە توانا بڕەویان بە وەرزشی چیابڕین داو لە درێژەی 20 ساڵی ڕابوردوودا پلەی ئەم وەرزشە کۆنەی ناو کوردانیان بەرزتر کردەوە و بە شێوەیەکی نوێ و پرۆڤیسونیاڵ مامەڵەیان لە گەڵدا کرد تارادەیەك

کەئەمڕۆ نە تەنیا لە کوردستان بەڵکو لە ئێراندا خاوەن ناون و لوتکە بەرزەکانی وەنەوشە و قەندیل و سەهەند و سەبەلان و دەماوەندو ئەلوەندو شیروانکو و شوێنی تریان بەزاندووە, جگە لەوە چیابڕین ئەمڕۆ بۆتە وەرزشێکی گشتی کە زیاتر لە دەگرووپی چیابڕین دەگرێتەوە لەوانە کەژەوانانی کەنیشك و ژن, کە گەیشتونەتە ترۆپکی چیا بەرزەکانی وەك سەهەند! یانەی چیابڕانی بۆکان بە شێوەیکی ڕێك وپێك وماهیرانە لە سەر ئەرکی خۆیان و کەمتر پشتگیری ناوەندەکانی بەرپرسیار, بەرنامەکانی بەڕێوەدەبا, هەڵسورێنەرانی بەئەمەگی ئەم وەرزشە لە بیست ساڵی ڕابوردوودا تا ئەمرۆ ئەمانەن: سمایل فەرامەرزی, عەولای بابلی, ناسر فەیزوڵابەگی, رەحمان براخاس, جەماڵ حەمیدی, سمایل فەرامەرزی و کەسانی تر!

ئەو کەسانەی کە ئەندامانی تیپەکانن وبەشداری دەکەن لە بڕینی کێوچیاکاندا ئەم کەسانەن: جەعفەر سالمی, رەحیم فاتحی, عەلی مەردانبەگی, برایم مەردانبەگی, سیاوەش حیسام خواه, سولەیمان سالمی, سمایل سولتانی, مەزهەر ئەسراری, ناسر بیباك, ئەحمەد فەیزی, ئەحمەد مقرازی, عەولا بەهنام,تاهیر سالمی, کەماڵ قزلجی, ئەحمەد تەمامی, محەمەد معمارزادە, خالید حەیدەری, سولەیمان مەسعودی, فیرۆز بوداقی, حسێن عەبباس زادە, ئەمجەد محەمەدزادە, برایم فاتحی, کەریم رەحیمی, تاهیر مەلا جامی, ئەنوەر باپیری, حسێن معماری, مستەفا حەریری, سولەیمان فەیزوڵابەگی, عەلی ئەحمەدزادە, عەوڵا نوری, رەزا سالحی, بەهزاد مامساحەبی, عەلی شەهامەت, جەغفەر قادری, بەدیع زیبایی, جەعفەر ئەمیری, کەریم محەمەد زادە, مەنسور شەجیعی, محەمەد براخاس, عەوڵا سالمی, ئەحمەد عەزیزی, ئەسعەد محەمەدزادە, تەها کازمی, یەحیا کرمانج, جەلال زیبایی, سەلاح دەباغی, سەلاح قزلجی, سولەیمان نوبەخت, محەمەد ئیسماعیل پور, سولەیمان خزرپور, سولەیمان سالمی, برایم ئەژدەر نژاد, سادق قورەیشی, عومەر سامبەگی, عەلی خوسرەوی, کەماڵ خوسرەوی, کاوەئێلخانی زادە و زۆر کەسی تر!

لەناو ئەو کەسانەدا کاری زۆرجوان وماهیرانەی وێنەگر محەمەد ئیسماعیل پور, و کاری زۆر شارەزایانەی وێنەگرتن و مونتاژی ویدیویی مەزهەر ئەسراری جێگای تایبەتی هەیە کە هەم سەلماندنی هونەرە وهەم دیاری کردنی مێژوو, کارێك کە لە رابوردوودا لە ناو ئێمەی کورددا کەمتر بەهای پێدراوە! سەرچاوەی ئەم نووسینەش بەشێکی بۆ کاری ئەم دوو هونەرمەندەی بواری شانۆ و فیلم و چیابڕین دەگەرێتەوە.

لە ناو تیپەکانی چیابڕی بۆکاندا مرۆڤی کەم تەمەن هەتا بەساڵاچوو دەبیندرێ, ئەوەش هەر ئەمە دەسەلمێنێ کە ئەم وەرزشە, وەرزشێکی خۆماڵیە و ئەگەر کاربەدەستان ویستی هەڵسوورێنەرانی وەدی بێنن جێگای روونتر وبەرزتر دەبینێ.

برایم فەرشی

ئەم بابەتە ساڵی 2001 لە ماڵپەڕی بۆکاندا بڵاو کراوەتەوە.